واللە من لە ڕۆژێکدا زیاتر لە حەفتا جار دەڵێم: (أَسْتَغْفِرُ اللهَ وأَتُوبُ إليهِ)

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «واللە من لە ڕۆژێکدا زیاتر لە حەفتا جار دەڵێم: (أَسْتَغْفِرُ اللهَ وأَتُوبُ إليهِ)*». *(واتە: داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم وتەوبە دەکەم وپەشیمانم لە تاوانەکانم)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ ئەوەشدا کە خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشوو وداهاتووی خۆش بووە بەڵام لە ڕۆژێکدا زیاتر لە حەفتا جار ئیستیغفار دەکات وتەوبە دەکات ئەویش بە ووتنی: (أستغفر الله وأتوب إليه)، وئەمە مانای ئەوە نییە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوناهـ دەکات بۆیە داوای لێخۆشبوون دەکات بەڵکو ئەمە ئەوپەڕی بەندایەتی پێغەمبەری خودایە وپەیوەست بوونیەتی بە یادی خوای گەورە، وهەستکردنە بە مەزنی مافی خودا لەسەری وهەستکردنە بە کوموکورتی لە حەمد وسوپاسکردنی پەروەردگار، وهەروەها بۆ ڕێگەدان بۆ ئەم جۆرە زیکر کردنانە بۆ ئومەتەکەی لە پاش خۆی، وجگە لەمانەش دانایی وحوکمی زۆری تری تێدایە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4808